# کەس بۆم نەگری...

قوباد بەهرەوەر



من خۆم عەمرێکی تاساوم، کەس بۆم نەگری
چاوی کانیی، کانی چاوم کەس بۆم نەگری
دەروێشێکی لانەوازیم ڕێ ون کردەی
تەریقەتی ئاگر و ئاوم کەس بۆم نەگری
من خۆم تاسە و خۆشم دڵێکی کون کونی
ساڵانێکە فرێ دراوم، کەس بۆم نەگری.
کەس بۆم نەگری.. کەس بۆم نەگری.. کەس بۆم
نەگری

دڵۆپێک فرمێسک چییە، کەس بۆم نەسڕی
من بێ باکم، زەمانە وای شێواندوومە
با کەس کفن بە باڵای مەرگی من نەبڕێ
ئیتر با کەس نە بۆم بگری،
نە بێ پەروا، بێ ڕەحمانە، بێچووە شیعرم لێ
سەربڕێ.
گەرچی ئەمشەو هێندە کڵۆڵ و غەریبم
مەحاڵە باوەشی گڵکۆش لە خۆم بگرێ
ئەو کاتەی دێوەزمەی ئاگر وەکوو داعش
دەبتە تانەی دنیای چاوم، کەس بۆم نەگری
یان ڕێواسێ تەنها جێماو، یان بەهارێ
وەبان دڕکان ڕاکێشراوم کەس بۆم نەگری
وەک منالێکی گرینۆک هەر نووزەم دێ
لە (شەوین خان) (٢) دابڕاوم کەس بۆم نەگری
مەگەر گوڵوان بووەتە قەقنەس،
دەنا بۆچی لێم لا لووتەو نایەتەوە تێر بۆم بگری؟
گەر بێتەوە، کۆیە دەبێتە چراخان
شەکرە شیعر و پێکەنین و ئەوین دەگری
گەر بێتەوە، ئیتر ئەسرین تا هەتایە شاری چاوانم
جێ دێڵێ و
گریان دەمرێ، گەر بێتەوە ئیتر فرمێسک تا
هەتایە شاری چاوانم جێدێڵێ و گریان دەمرێ.

(١) قوباد بەهرەوەر بە ماوەیەکی کورت پێش کۆچی دوایی، ئەو شیعرەی بە تۆمارکراوی و بە دەنگی بە سۆزی خۆی بۆ ناردم.
(٢) شەوین خان: کچە جوانەمەرگەکەی شاعیرە.